# خێری نوێژکردن لەهەردوو حەرەمی مەککە ومەدینە تایبەتە بە مزگەوتەکانیانەوە

[ kurdish – كوردی – كردي ]

شـێخ عبد الكريم الخضير

وەرگێرانی: دەسـتەی بەشـی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی

ئیسـلام هاوس

پێداچونەوەی :پشـتیوان سـابیر عەزیز

2011 - 1432

IslamHouse.com

# ﴿هل مضاعفة الصلاة خاصة بالمسجد الحرام والمسجد النبوي﴾

« باللغة الكردية »

الشيخ عبد الكريم الخضير

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2011 - 1432

IslamHouse.com

## خێری نوێژکردن لەهەردوو حەرەمی مەککە ومەدینە تایبەتە بە مزگەوتەکانیانەوە

**پرسیار :** دەوترێت : ئایا فەزڵی نوێژکردن لەمزگەوتی حەرام هەموو حەرەم دەگرێتەوە یان تایبەتە بە مزگەوتی کەعبەوە یان بە مزگەوتی پێغەمبەرەوە (صلى الله عليه وسلم) ؟

**وەڵام :** ئەوەی لە ووتەی جمهوری زانایانەوە دەردەکەوێت لەم مەسئەلەیەدا، ئەوەیە ئەو فەزڵە چەند قاتەی کە باسکراوە بۆ نوێژکردن لەو جێگایەدا بۆ هەموو سنووری حەرەمە و تایبەت نییە بە مزگەوتی کەعبەوە بەتەنها، بەڵێ ڕاستە مزگەوتی کەعبە فەزڵ وتایبەتمەندی خۆی هەیە، لە هەنگاو بۆ هەڵگرتن و زۆری نوێژکەران و کۆمەڵی نوێژەکە، وهەندێك شتی تریش، بەڵام زیادە فەزڵ وئەو خێرەی کە لەنوێژکردنەکەدا دەست دەکەوێت بۆ هەموو سنووری حەرەمە، یەکێکیش لەو بەڵگە بەهێزانەی کە بەڵگەیە لەسەر ئەم ووتەیە : خوای گەورە فەرموویەتی : (يَسْـَٔلُونَكَ عَنِ ٱلشَّهْرِ ٱلْحَرَامِ قِتَالٍ فِيهِۖ قُلْ قِتَالٌ فِيهِ كَبِيرٌۚ وَصَدٌّ عَن سَبِيلِ ٱللَّهِ وَكُفْرٌۢ بِهِۦ وَٱلْمَسْجِدِ ٱلْحَرَامِ وَإِخْرَاجُ أَهْلِهِۦ مِنْهُ أَكْبَرُ عِندَ ٱللَّهِۚ ) {البقرة :٢١٦} واتە : پرسیارت لێدەکەن دەربارەی جەنگ لە مانگی حەرامدا (کە بریتین لە ـ ذوالعقدة ـ ذوالحجة ـ محرم ـ ڕجب)، بڵێ: جەنگ لەو جۆرە مانگانەدا کارەسات و هەڵەیەکی گەورەیە، بەرهەڵستی ڕێبازی

خواو بێ باوەڕی پێی، جەنگ لەمزگەوتی حەرامدا و دەربەدەر کردنی خەڵکەکەی زۆر گەورەترە لای خوا (لە کوشتنی کەسێک یان چەند کەسێک لە مانگی حەرامدا) .

ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی ئایەتە پیرۆزەکە تەعبیری لە مەککە بە (مسجد الحرام) کردووە، بەڵام زیادە فەزڵ وخێری نوێژ بە نسبەت مەدینەوە تایبەتە بە مزگەوتی پێغەمبەری خوداوە ئەویش بەبەڵگەی ئەم فەرموودەیەی کە هاتووە : " صَلَاةٌ فِي مَسْجِدِي هَذَا أَفْضَلُ مِنْ أَلْفِ صَلَاةٍ فِيمَا سِوَاهُ إِلَّا الْمَسْجِدَ الْحَرَامَ" { أخرجه: البخاري (١١٩٠) ومسلم (١٣٩٤)} واتە : نوێژێك لەم مزگەوتی منەدا خێر و فەزڵی بە هەزار نوێژە لەغەیری ئەم مزگەوتەدا جگە لە مزگەوتی حەرام (چونکە نوێژێك لە مزگەوتی حەرام خێری لە سەد نوێژی مزگەوتی پێغەمبەری خودا –صلى الله عليه وسلم – زیاترە بەبەڵگەی ئەم فەرموودەیە : " صلاة في مسجدي هذا أفضل من ألف صلاة فيما سواه، إلا المسجد الحرام، وصلاة المسجد الحرام أفضل من صلاة في مسجدي هذا بمائة صلاة " { رواه أحمد، وصححه ابن حبان}.

خوای گەورە زانا وشارەزاترە.